www.kurdistannet.org
21-4-2003 22:42

ڕەفتاری بەعسییانە هێشتا بەردەوامە!

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail. com

بە پێی هەندێك هەواڵ، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥. ٤. ٢٠٠٣، کۆمەڵێك لە خەڵکی سیڤیلی شاری موسڵ وەك مافێکی سەرەتایی خۆیان، لە گۆڕپانی پێش باڵەخانەی پارێزگادا و لە کاتی قسەکردنی پارێزگاری تازەی شارەکەیان، ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی و چەند جارێك قسەکانیان پێبڕی و لە دووابیدا بەردەبارانی خۆی و پاسەوانەکانیان کرد. لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەدا سەربازەکانی هاوپەیمانان، دەستڕێژیان لە جەماوەر کرد و پتر لە ١٠ کەسیان کوشت و نزیك بە ١٠٠ کەسیشیان بریندار کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم کارەساتە بە شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز دەگێڕدرێتەوە، بەڵام چەند ڕاستییەك لەم خاڵانە دەردەکەون:

- بەپێی گشت هەواڵەکان، ئەو کەسانەی کە تەقەیان لێکراوە کەسانی بێچەك بوونە و تەنانەت ژمارەیەك لە بریندارەکانیش زارۆکن.
- تازەپارێزگار لە لێدووانێکدا بۆ کەناڵی (ئەلجەزیرە) دانی بەوەدا نا کە سەربازە ئەمریکییەکان تەنها بە هۆی بەردەبارانکردنیانەوە، تەقەیان لە خەڵك کردووە.
- بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (ئەلزەمان ڕۆژی ١٦. ٤. ٢٠٠٣) کە لە زمانی چەند بریندارێکەوە بڵاوی کردووەتەوە، ئەم دەستڕێژە لەسەر داوای خودی پارێزگار بووە.

گومانی تێدا نییە ئەم ڕەفتارە هەمان ڕەفتاری بەعسییەکانە، کە بە درێژایی دەیان ساڵ بە زەبری کوشتن و تۆقاندن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و عێراقدا سەپاندبوو.

پاش ئەوەی دیکتاتۆری عێراق و ڕژێمی بەعسی فاشی، بە زەبری بۆمبا و هێزی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەسەڵاتیان دۆڕاند و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمەکەشیان لە ماوەیەکی کورتدا تێك و پێك دران، جەماوەری کوردستان و عێراق لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە گشت ئازادییەکانیان بە دەست بهێنن. بەڵام مخابن، وادیارە هەمان ئەو کۆنەبەعسییانە و بە هەمان ڕەفتارەوە دەیانەوێت لێمان ببنەوە بە دەسەڵاتدار و ئەو ئازادییەمان پێ ڕەوا نابینن کە ساڵانێکە خەونی پێوە دەبینین.

ئەم تاوانە خوێنڕێژییەی شاری موسڵ، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کۆنەدەسەڵاتدارانی بەعسی فاشیست، هەرگیز پاك نابنەوە و تەنها بە دادگاییکردنیان کۆمەڵگا لە شەڕخوازییان دەپارێزرێت. لە کاتێکدا دەبێت تاوانبارانی ئەم ڕووداوە بەتوندی سزا بدرێن، لە هەمان کاتدا پێویستە ئەم ڕەفتارە بەعسییانەیە بکرێت بە هاندەرێك بۆ کۆکردنەوە و بەرزکردنەوەی دەنگەکان، لە دژی گشت کۆنەدەسەڵاتدارانی بەعس و دامەزراندنی داداگایەك لە ناو وڵاتدا بۆ دادگاییکردنی تاوانباران. ئەگەر نا، ڕەنگە نەخشەی کارەساتی خوێناویتر بەڕێوە بێت.

١٧. ٤. ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.